# پشتیوانی داواکاریەکانی گەنجلاو ئەکەین

ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆمەڵێک لاو لە شاری سلێمانی دەستیان کردووە بە مانگرتن لە پارکی نالیدا. ئەم مانگرتنەی لاوان لە دوای ئەو یاداشتەدا دێت کە زیاتر لە مانگێک لەمەوبەر بەرزیان کردەوە بۆ دەسەڵاتداران بەڵام بێوەڵام ماوەتەوە.

ئێمە پشتگیری خۆمان بۆ ئەم داواکاریانەیان ڕادەگەیەنین، کە بەشێکی کەم لە داواکانیانە: موچە یان هاوکاری مانگانە بە بڕی 250 هەزار دینار تا ئەو کاتەی حکومەت کاریان بۆ پەیدا ئەکات، منحەی هاوسەرگیری 3 ملیۆن دینار بە شێوەی یەکسان بۆ ئەو دوو گەنجلاوەی خێزان پێک دەهێنن وە سلفە نەبێت و لێیان وەرنەگیرێتەوە، دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون یان شوقە بۆ خێزانی دروست بوو لە دوای 6 مانگ ژیانی هاوسەرگیریانەوە. وە بە ناوی هەردووکیانەوە بێت، دەستگیرۆیی ئەو گەنجلاوانەی کە توانای کاری داهێنانیان هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا، چەسپاندنی یاسای بیمەی تەندروستی و ناردنە دەرەوەی ئەو گەنجلاوانەی پێویستیان بە چارەسەر هەیە لە دەرەوەی هەرێم، لابردنی ئەو یاسایانەی ڕێگە ناداتە ئەو گەنجلاوانەی لە خوار 30 ساڵەدان تاکو ببنە پەرلەمانتار بەڵکو بگۆڕدرێت بۆ 23 ساڵ، دامەزراندنی پەرتوکخانەی گشتی لە هەر ناحیە و قەزایەک وە هەروەها لە هەر گەڕەکێکی شارەکاندا...

لە پێناو بەدیهێنانی داواکاریەکانی لاواندا پێویستە خەباتێکی جەماوەری فراوان و هەمەلایەنە بەڕێبخرێت و پشتیوانی تەواوی کۆمەڵگای بۆ بەدەست بهێنرێت. داوامان لە تەواوی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و ڕێکخراوە جەماوەریەکانە پشتیوانی خۆیان لە لاوان و خەباتیان بکەن و بە هەمووان هەوڵی ئەوە بدەین مەودایەکی گەورەتر و فراوانتر و جەماوەریتری پێ بدەین تا بەمجۆرە زەمانەتی هاتنەدی داواکاریەکانیان بکەین.

**کۆمیتەی سلێمانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

12.09.2007